# دوای بیستو هەشت ساڵ تەمەن لە کوردستان تەنها خەونێکی بچوکم هاتە دی بەس توخوا پێمەکەنن!!!

**زمناکۆ بورهان قانع**

zimnaco@hotmail.com

**لە مێژە گلەیی لە خۆم دەکەم :- ئایا بۆچی تا ئێستا هیچ خەونێکم نەهاتۆتە دی؟؟؟ ئایا خەتای خۆمە یان ڕێچکەو دابونەریتو ناشرینی ژیانە لە کوردستان کە ناهێڵێت نەك هیچ خەونێکت بێتە دی بەڵکو تا سەر ئێسقان ماندووت دەکاتو بارگاویو ڕەنگرپێژت ئەکات بەسەخافەت..**

**ناوی گەنج ناوێکی وەهمیەو لەسەر ئەرزی واقیع لە کوردستان باوەڕ ناکەم هیچ وجودێکی هەبێت ئەوەی کە دەڵێت ئەو ناوە وجودی هەیە ئەوە گەورەترین درۆزنەو پێویستە بدرێت بە دادگا..**

**بەهەرحاڵ من بەشێکی سەرەکی نەهاتنە دی خەونی خەڵکی ئەم کوردستانە کە کەناڵی کوردساتو زاگرۆس کردوویانە بە بەهەشت  دەگێڕمەوە بۆ ناهۆشیاری عەقڵی سیاسیە کوردەکان کە تاوەکو ئێستاش بە عەقڵی شاخو شەڕە تەقە باس لە خزمەتی خۆیان دەکەن بۆ خەڵکی کوردستان..**

**ئەوەتا نزیکەی  پانزە ساڵە کورد خاوەنی خۆیەتی کەچی تا ئێستا کارەبا نیە (ئەوەیە مەهزەلە) ، نەبوونی کارەبا ئەم هەموو زەرەرەی لێداوم:-**

يەكەم :- يەك دنيا فيلمى ئەمريكيم لە كيس چوو بە تايبەت فيلمى ( چارلس برۆنسن و كلينت ئيستوود و جان ترافۆڵتا و تۆم هانكس ).

دووەم :- يەك دنيا بەرنامەى خۆشم لە كيس چوو بە تايبەت بەرنامەكەى ( ئۆپرا opra) لە كەناڵى mbc..

سێيەم:- يەك دنيا ياريم لە كيس چوو بەتايبەت ياريەكانى ئەو مۆنديالانەى كە لە ژێر سايەى دەسەڵاتى كورديدا بە نيوە ناچڵى بينيومە ( ئەمە بێجگە لە ياريەكانى كاسى ئەورووپاو ئاسيا و كۆپا ئەمێريكا وئەوانى تر).

چوارەم:- ئەوەندە لەبەر چراو لۆكس سەعيم كرد بە تايبەتى لە( قۆناغى ناوەندىو ئامادەيىو زانكۆ ) تووشى كۆمەڵێك نەخۆشى حەساسيەت بووم، كە تەخەڕوج ئەكەيت شەهادەكەت بە كەڵكى قۆنەرە سڕينيش نايەت چونكە دايەرەكان پڕە لە موديرعامى جاهيل و حيساب بۆ خوێندنەكەت ناكەن. ( باوكەڕۆ بەس من ئەزانم مودير عامو وەكيل وەزيرو وەزيرەكان چەند جاهيلن )..

بێ كارەبايى يەك دنيا زەڕبەى ترى لێداوم بەڵام ڕووم نايەت باسى بكەم چونكە دەست ئەكەن بە پێكەنينو ئەڵێن ئەوانەى تۆ باسى ئەكەيت قسەى شێتە ئيتر نازانن كە ووڵاتەكەمان لە لەوحە سورياليەكانى ( سەلفادۆر دالى ) ئەچێت..

بەهەرحاڵ من وەك هاندەرێكى سەرسەختى هەڵبژاردەى ئيتاليا پاش ئەوەى كە ئەو ووڵاتە جوانە مۆنديال يان بەدەست هێنا لە خۆشيدا نيوە شەو بە قيڕە قيڕ هەموو گەڕەكەكەى خۆمانم خەبەر كردەوە ( بەڵام ئەوەشتان لە ياد نەچێت لە هەموو يارىەكى ئيتاليا دا زەغتم بەرز ئەبێتەوەو هەندێك جاريش ئەڕشێمەوە بە تايبەت ئەگەر ئيتاليا لە دوا بێت ) ، هێنانەدى ئەم خەونە هيچ پەيوەندى بە زيرەكى سياسيەكانى كوردەوە نيە ( كە گومانم هەيە لە زيرەك بوونيان ) هەروەها هيچ پەيوەندى بەو ژيانە خۆشەى كوردستانەوە نيە ( كە دڵنيام ناخۆشترين ژيان تەنها لە كوردستانو دارفۆرو ئەفغانستان هەيە ) بەڵكو هێنانەدى ئەم خەونەم بۆ

زیرەکیو عەقڵی گەورەی ( مارچێلۆ لیپی ) ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتالیا و رۆحی قیتالی ( جینارۆ گاتوسۆ، فابیۆ کاناڤارۆ، جیانلوکا زامبرۆتا، ئەندریا پیرلۆ و سەرجەم یاریزانەکانی تری ئیتالیا یە ) کە بۆ یەکەم جار خەونێکی منیان هێنایەدیو دڵخۆشیان کردم بەساقەیان بم پیرۆزە لە ئیتالیا حەیاتەکە.. ئیتر با ئەوەندە بەس بێت تا خەفەت نەیکوشتوم..

**تێبینی :- هیوادارم دوای بڵاوبونەوەی ئەم ووتارە ، دەسەڵاتداران نەمکەن بە تیرۆریست..**